زانکۆی سەلاحەدین - هەولێر

Salahaddin University-Erbil

# زانکۆی سەلاحەدین – هەولێر

## کۆلێژی زانستە سیاسییەکان

## بەشی سیستەمە سیاسییەکان وسیاسەتی گشتی

## ساڵی خوێندن (٢٠٢٢-٢٠٢٣)/سمستەری دووەم

## بابەتی هەڵمەتەکانی هەڵبژاردن

## قۆناغی سێیەم

## مامۆستای بابەت: د.موفق عادل عمر

# بابەتەکانی ئەم کۆرسە

یەکەم : چەمکی بەڕێوەبردنی هەڵمەتەکانی هەڵبژاردن

## دووەم: قۆناغی ئامادەسازی و پلاندانان بۆ هەڵبژاردن

أ- گرووپی کار (پێکهێنان و خسلەتەکان و ئەرکەکانی)

ب- کێشانی نەخشەی سیاسی – کۆمەلایەتی بازنەکە و دیاریکردنی ستراتیژیەتی جولان

( - نەخشەی هێزە سیاسیە / کۆمەلایەتیەکان ، - دیراسەکردنی رەفتاری دەنگدەر لە بازنەکە ، دیاریکردنی ستراتیژیەتی جولە)

## سێیەم: قۆناغی هەڵمەتی هەڵبژاردن

أ. پرۆپاگەندەی هەڵبژاردن:

(ئامرازەکانی پرۆپاگەندە – لێهاتوویی پرۆپاگەندە)

ب. لیهاتوویی پاڵێوراوەکان

١-لیهاتوویی مامەڵە کردن لە گەڵ دەنگدەر (پەیوەندی بەردەوام لەگەڵ دەنگدەران – هاندانی دەنگدەر بۆ بەشداری کردن- پێشخستنی ئاواتی پاڵێوراو بە بەردەوامی)

٢- لێهاتوویی مامەڵەکردن لەگەڵ رکابەران (مامەڵەی دروست لە گەڵ هەوڵەکانی رکابەر – بەرەنگاری پەرش وبڵاوی دەنگەکان – چۆنیەتی هاوپەیمانیەتی ئەگەر پێویستی کرد)

# چوارەم: قۆناغی هەڵبژاردن


١ ـ قۆناغی بەر لە هەڵبژاردن

٢ـقۆناغی شەوی بەر لە هەڵبژاردن

٣ـقۆناغی ڕۆژی هەڵبژاردن

# چەمکی هەڵمەتەکانی هەڵبژاردن

پێناسەکان



هەموو پارتێکی سیاسی و گروپێك لە دەوڵەتە دیموکراسیەکان هەندێ کاری دیاریکراویان لە دەنگدەران یان لە فەرمانبەرە گشتییەکان دەوێت، بۆ گەیشتن بەم کارانەش سەرکردەی ئەم گروپانە پێویستیان بە زانینی راستی رای گشتی وچۆنیەتی ئاراستەکردن بەو رێرەوەی خۆیان گەرەکیانە.

بە دڵنیاییشەوە ئامرازی پەیوەندی کردن ڕۆڵێکی گەورە دەگێڕێت لە سیاسەت ولە پرۆسەی گونجاندن و پێکهێنانی راو بۆچوونە سیاسیەکان، چونکە ئەو ئامرازە ئامرازی سەرەکییە لە دامەزراندنی گروپی سیاسی و هەر ئەویش ئەو ئامرازەیە کە ئەو گروپانە بە کاری دێنن بۆ کارکردن لە سیاسەتی گشتی.

هەڵمەتە سیاسیەکانی هەڵبژاردن کە پارتی سیاسی و کۆمەڵەکان بە شێوەیەکی دەوری ئە نجامی دەدەن بۆ هاندانی دەنگدەران لە سەر پاڵپشتی کردنی پاڵێوراوەکانیان، بە ڕوونترین و بە هێزترین ڕێگاکانی پەیوەندی سیاسی دادەنرێت لە زۆرینەی تەنگەژە سیاسیەکان، ئەو هەڵمەتە سیاسیانەی هەڵبژاردن کاریگەریەکی بەهێزو پتەویان لەسەر رەفتاری (سلوکی) هەڵبژاردن هەیە، بە چەشنێك هیچ حزبێکی سیاسی یان گروپێکی جێبەجێ کار ناتوانێت بە تەواوی دەست بەرداری بێت.

بۆیە هەڵمەتەکانی هەڵبژاردن لە روانگەی زۆرێنەی پسپۆر وشرۆڤەکارانی سیاسی بەگەورەترین فاکتەری کۆمەڵایەتی دەژمێردرێت کە کاریگەری لەسەر رەفتاری هەڵبژاردن هەیە.

ئەگەر بۆ بنەچای ووشەی (هەڵمەتەکان) بگەرێنەوە دەبینین ووشەکە لە حەقلی سەربازی هێنراوە بۆ ئەوەی لە حەقلی سیاسی بەکاربهێنریت و مەبەست لێی ئەو چاڵاکیانەن کە بەر لە هەڵبژاردن ئەنجام دەدرێن.

# هەڵمەتەکانی هەڵبژاردن

(ئەم چەمکە ئاماژەیە بە قۆناغی پێش دەنگدان، کە تیایدا بانگەشە بۆ پالێوراوان دەکرێت وبەرنامەی هەڵبژاردنیان بە خەڵك ودەنگدەر دەناسرێت بە مەبەستی کۆکردنی زۆرترین لایەنگر، هەڵمەتەکانی هەڵبژاردن بەوە جیا دەکرێنەوە کە تایبەتمەندی هەول وکۆششێکی پلان بۆ دارێژراو و بە باشی ئامادەکراوەی هەیە، هەروەها پێویستی بە پرۆسەیەکی دوور ودرێژی خۆ ئامادە کردنی هەیە لە نێوان چەندین لایەن کە گرنکترینیان کاندیدەکە خۆیەتی)

هەڵمەتە سیاسیەکانی هەڵبژاردن ئەو چالاکی و بزاوتنانەن کە پێش هەڵبژاردن و پرۆسەی هەڵبژاردن دەکەون، هەوڵی زۆر هەن بۆ دیارکردنی مانای (بەڕێوبردنی هەڵمەتەکانی هەڵبژاردن) کە بە زمانی ئینگلیزی پێی دەڵێن (ELECTION CAMPAIGNING )

دەتوانین بەم شێوەیە مانای بەڕێوەبردنی هەڵمەتەکانی هەڵبژاردن دیاری بکەین (سیستمی گشتین هەوڵی گۆڕانی کۆمەڵایەتی دەدەن )،

لێرە مەبەست لە سیستم ڕێکخستنی پێداویستیە جەماوەریەکانە بە شێوەیەکی ڕێکخراو کە بە شێوەیەکی هەرەمەکی بلاودەکرێنەوە دژ بەچەمك و بیرە سەپێنراوەکانی سەر جەماوەر وەکو نەبوونی دادپەروەری، نەبوونی یەکسانی..... هتد.

هەر چی وشەی گشتی یە لە پێناسەکە، کە لە پاڵ سیستم هاتووە، ئەوە دەگەیەنێ کە ئەو هەڵمەتە سیاسیەی هەڵبژاردن جیا دەکرێتەوە لەو هەڵمەتە بازرگانیانەی لایەنی تر سەرپەرشتی دەکات جگە لە ئەحزابەکان ، وەکو دەوڵەت،

هەموو هەڵمەتە سیاسیەکانی هەڵبژاردن لە چوارچیوەی پەیوەندی و ئالوگۆرکردنی بیر و زانیاری بەڕێوەدەبرێت، ئالوگۆرکردنی بیروبۆچون و زانیاری لە پێناوی کەسانی تر، بۆیە باکگراوندی هەر پەیوەندیەك لە بنەرەتدا بە مەبەستی کارتیکردنە.

# چەمکی بەڕێوەبردنی هەڵمەتەکانی هەڵبژاردن

لە بەرەنجامی ئەو گۆرانە زورەی لە تەکنەلۆژیای زانیاری وپەیوەندی روویداوە و کاریگەری گەورەی لەسەر بیرکردنەوەکانی خەلك کردووە، چەمك و شێوەی بەڕێوەبردنی هەڵمەتەکانی هەڵبژاردنیش گۆراون و ئالوگۆری بەسەردا هاتووە، لە رابردوو هەڵمەتەکانی هەڵبژاردن لە تەنیا ریگەیەکەوە بەڕێوەدەبردران، کە چی ئەمڕۆ لە کۆمەڵگای پێشکەوتوودا کە زیاتر لە سەرچاوەیەکی زانیاری بۆ هاوڵاتی هەیە. زیاتر لە ریگەیەك هەیە بۆ هەڵمەتەکانی هەڵبژاردنی سەرکەوتوو.

A- کاریگەری راستەوخو (لە میانەی گروپەکانی گوشاری تەقلیدی).

B- کاریگەری ناراستەوخو (لە میانەی بنیاتنانی هاوپەیمانی لە سەر پرسێك یاخود بنیاتنانی و دروست کردنی رای گشتی).

به پوختی دەکرێت ئیستا مانای بەڕێوەبردنی هەڵمەتەکانی هەڵبژاردن بەم شێوەیە لێك بدرێتەوە:

- کۆمەڵە چالاکیەکی فرەڕەنگن، لە ماوەیەکی دیاری کراوی مێژوویی جێبەجێ دەکرێن ولە گەڵ نزیکبونەوە لە وادەی هەڵبژاردن زیاتر و خیراتر دەبێت.
- کێ بەمە هەڵدەستێ؟ پاڵێوراوی هەڵبژاردن ئەنجامی دەدات، نموونە هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان یاخود ئەنجومەنی پارێزگا و شارەوانیەکان.

* ئامانجی بەشداری کردنی زۆرترین دەنگدەرە لە هەڵبژاردن بۆ بەرژەوەندی پاڵێوراوی حزب بو ئەوەی لە هەڵبژاردن سەرکەوێت، چونکە سەرکەوتنی هەر حزبێکی سیاسی و جەماوەری بوونی و کۆکردنەوەی رای گشتی لە چواردەوری فکرو سیاسەتەکەی لەبەردەم سندوقەکانی هەڵبژاردن دیاردەکەوێت.

## پرۆسەی هەڵمەتەکانی هەڵبژاردن جیاوازی دەکات لە نیوان ئەم سێ قۆناغەی خوارەوە:

١- قۆناغی ئامادەسازی و پلان دانان بۆ هەڵبژاردن .

٢- قۆناغی هەڵمەتی هەڵبژاردن.

٣- قۆناغی هەڵبژاردن.

# ١- قۆناغی ئامادەسازی و پلان دانان بۆ هەڵبژاردن .

بو بنیاتنانی ستراتیژیەتیکی نویٚ وبە هیٚز بۆ بەڕیٚوەبردنی هەڵمەتەکانی هەڵبژاردن، چوار پرسیار هەیە پیٚویستە بیخەینە ڕوو:

پ١: پیٚویستیت بە چیە بۆ گۆرینی رای دەنگدەر؟

پ ٢: کیٚ تواناى بەدی هیٚنانی ئەو گۆرانەی هەیە؟

پ٣: ئە و شتە چیە کە باوەڕیان پیٚی دیٚنیٚت هەڵویستیان بگۆرن؟

پ٤: پاڵیٚوراو هەڵگری چیە بۆ رازی کردنیان؟

## پ١: پێویستیت بە چیە بۆ گۆڕینی رای دەنگدەر؟

### وەڵامی پرسیاری یەکەم/

دەکرێت هەڵوەستە لەسەر دیاری کردنی ئامانج و ئەو پرسانە بکەیت کە بە نیازیت لە هەڵمەتەکانی هەڵبژاردنت بیخەیتەڕوو، دیاری کردنی ئەمە و بە تەواوی زانینی پێویست و گرینگە، چونکە ئەگەر بەڕێوەبەرانی هەڵمەتەکانی هەڵبژاردن ئەو بابەتانە لە بیر بکەن ، دەبێتە هۆکارێکی سەرەکی لە هەرەس و دۆراندن، وێرای ئەوە زانینی ئەو ئامانج و پرسانە تەنیا ناوەستێتە سەر پاڵێوراو، بەڵکو پێویستە گروپی کاریش بە شێوەیەکی باش بۆ سەرکەوتنی هەڵمەتەکەیان بیزانن، بە دور لەمە بەرنامە و پلانی هەڵمەتی هەڵبژاردن دووچاری پەشێوی و فەوزا دەبێت و گروپی کارو ئەندامەکانی توانای ئاراستەکردن و هەڵبژاردنی دروست لە دەست دەدەن، بە تایبەت لە هەڵویستە سەخت و گرانەکان.

# پ ٢: کێ توانای بەدی هێنانی ئەوگۆڕانەی هەیە؟

ئاشکرایە کە ئامانجی هەڵمەتە سیاسییەکانی هەڵبژاردن رازی کردنی خەڵك و گۆڕینی هەڵویستیانە، بۆیەش گرنگە کەسانی خاوەن کاریگەری و پێگە لە هەڵمەتەکانی هەڵبژاردن دیاربخرێن، ئەمە هەندێ لایەن بە باشترین ئامراز دەیژمێرن، چونکە دیاریکردنی ئەو کەسەی ئەو توانایەی هەبێت ئامرازێکی باشە بۆ پێشخستن و فراوان کردنی هەڵمەتی هەڵبژاردن و دواتر سەرکەوتنی.

## پ٣: ئەو شتە چیە کە باوەڕیان پێی دێنێت هەڵویستیان بگۆڕن؟

دەکرێت لە ڕێی پێشخستنی ستراتیژیەتی پەیوەندیکردنەوە روون بکرێتەوە، گرینگ ئەوەیە بزانی چیت پێویستە بۆ گۆڕان و کێ ئەو توانایەشی هەیە، کلیلی سەرکەوتن و بردنەوەی پاڵێوراو بریتی یە لە توانایەکی باشی گوێگرتن لە کێشەکانی دەنگدەر و چارەسەرکردنیان، هەروەها زانینی ئەو شتانەی بیری لێ دەکەینەوە و کارکردن بەو ئاراستەیە ، دیارە ئەمەش لە ڕێی دروست کردنی پەیوەندی راستەوخۆ لە گەڵ دەنگدەر دێتە کایەوە (لە روانگەی دەنگدەران نەك لە روانگەی ئەوانەی بە پرۆسەی هەڵبژاردن هەڵدەستن).

- بۆ بەدی هێنانی ئەمە، پاڵێوراو و گروپەکەی پێویستیان بە مانەی خوارەوە دەبێت:

A-کارکەری سەرەکی ودیار لە نێو کۆمەڵگە.

B- ناردنی پەیامی باوەڕهێنەر (بوونی فەزایەکی ئازاد بو گفتوگۆ).

C- بەرنامەیەکی تەواو بۆ پاڵێوراو.

D- کەناڵەکان / ڕاگەیاندن.

E- کار / دەرەنجام (وردی و ڕوونی).

- بە فەراهەم بوونی ئەم پێداویستیانە، پەیوەندیەکی توندوتۆل لە نێوان دەنگدەر و پاڵێوراو دێتە ئاراو دەبێتە هۆکارێکی چاك بۆ سە رخستنی هەڵمەتی هەڵبژاردن.

# پ٤: پاڵێوراو هەڵگری چیە بۆ رازی کردنیان؟

دیاریکردنی شێوەی ئەو چالاکیانەی بەڕێوەبەرانی هەڵمەتەکانی هەڵبژاردن پێی هەڵدەستن ، دەبێتە هۆی بەشێوەیەکی چاك دیاریکردنی ئەو رێگایانەی کاریگەری لەسەر دەنگدەر دروست دەکەن و دەبنە هۆی گۆڕینی راو بۆچونیان بەرامبەر پاڵێوراوەکە، چەندە پەیوەندی نێوان دەنگدەر و پاڵێوراو بەهێز بێت، بە نموونە لە ریگەی یەکتردیتن یاخود ئاشکراکردنی ژمارەی تەلەفۆنەکانی، یاخود دیارکردنی ئەو شوێنانەی پاڵێوراوە کە لێی دادەنیشێ و دەتوانی خەڵك ببینێ. ئەمانەش دەووەستێتە سەر توانای ئەوانەش کە هەڵمەتی پروپاگەندەکە سەرپەرشتی دەکەن، هێندە پاڵێوراوەکە دەتوانێت دەنگدەران رازی بکات.

هەر بۆیە هەڵوەستە لە سەر ئەمانەی خوارەوە دەکرێت:

١- گروپی کار

٢- کێشانی نەخشەی سیاسی – کۆمەڵایەتی بازنەکە.

٣- دیارکردنی ستراتیژیەتی جولان و کارکردن.

## ١- گروپی کار:

وەکو هەر کارێکی تری ڕێکخراو و بەردەوام لە قۆناغێکی دیاری کراو بەڕێوەبردنی هەڵمەتەکانی هەڵبژاردن پێویستی بە بوونی گروپێکی کارا لە ژوورێکی عەملیات هەیە کە لەهەموو قۆناغەکانی هەڵمەتەکە هاوکاری پاڵێوراو بکەن لە بەڕێوەبردنی هەڵمەتی هەڵبژاردن بە تایبەت لە ڕۆژی هەڵبژاردندا .

# پێکهێنانی گروپ:

گروپی کار پێویستە هەندێك کەسی موتەفەرغ بگرێتە خۆی، یاخود نیمچە موتەفەرغ وەکو:

* کۆمەڵێك لە کادیرە چالاکەکانی حزب کە کار بۆ بڵاوکردنەوەی بیری حزب و بانگەشە بۆ پرەنسیپەکانی دەکەن. هەروەها دۆست و لایەنگر بۆ پاڵێوراوی حزب رادەکێشن.

* هەروەها چەند کەسێکی دیار (قادە الرای) کە رای خەڵکیان بەدەست بێت وهەروەها سەرکردە سروشتیەکان کە کاریگەریان هەیە لە سەر دەنگدەر ، (ریش سپی ، موختار ، سەرۆکی بنەماڵەیەکی ناسراو ....... هتد ).

* جگە لەو گروپەی کە پاڵێوراو لە کاتی دەستکردن بەهەڵمەتی هەڵبژاردن پشتیان پێدەبەستێت پشت بە مانای خوارەوەش دەبەستێت:

- ✓ هەندی کەسایەتی گشتی کە جۆریك لە رێزو پایەیان هەیە لە نێو خەڵك و توانایان هەیە کاریگەری دروست بکەن لە سەر کەسەکانی نێو بازنەی هەڵبژاردنەکە وەکو کەسایەتییە گشتییەکان و پیاوە بەناوبانگەکانی شار، هونەرمەند و وەرزش وانان جا لە سەر ئاستی نەتەوەیی یان نێوخۆیی بن.
- ✓ بەهەندێ پشتگیرکار و هاندەران کە خاوەنی پیگەیەکی باشن و بەشداری دەکەن لەو کۆبوونەوە جەماوەریانەی پاڵێوراوانی حزب لە قۆناغی پروپاگەندەی هەڵبژاردن سازی دەدەن .

جێی هەڵوەستەیە کە پێکهێنانی گروپی کار چەسپاو نیە، سەرەتا پاڵێوراوەکە دەست پێ دەکات و دواتر کەسانی تر دێنە ناو هەڵمەتەکە و لە قۆناغەکانی تری هەڵمەتەکە نوێنەرەکان دێنە ناو پرۆسەکە.

گرینگترین رەگەز لە ئەداکردنی گروپی کار بەڕیوەبردنی هەڵمەتی هەڵبژاردنە یاخود وەکیلی پاڵێوراو کە هەڵدەستێ بە دروسکردنی تەنسیق لە نێوان رەگەزەکانی گروپەکە و سەرپەرشتی کارەکانی دەکات.

## خسڵەتەکانی گروپ:

- پێویستە پاڵێوراو لە کاتی دەست نیشان کردنی گروپی کاری ، چەند تایبەتمەندیەك لە بەر چاو بگرێت لە وانە:

١- تاکەکانی ناو گروپەکە پێویستە باوەڕیان بە پاڵێوراوی حزب هەبێت کە توانای هەیە نوێنەرایەتی بەرژەوەندیەکانی دەنگدەران بکات لە بازنەی دەنگدان.

٢- ئەو گروپە بارەگایەك یان زیاتری هەبێت کە دەنگدەران رووی تێ بکەن، دەکرێت سوود لە بارەگاکانی حزب وەربگێرین.

٣- ئەو گروپە نوێنەرایەتی هەموو ناوچەکانی بازنەکە بکات، کە پاڵێوراوەکەی تیایدا دەتوانیت دەنگ بەدەست بێنێت وەکو (شارەوانیەکان و قەزاو ناحیە و گوندەکانی) وێڕای ئەوەی نوێنەرایەتی توێژە کۆمەڵایەتیەکان دەکات لە بازنەکە وەکو کرێکار و جوتیار ولاو و ئافرەتان و ... هتد.

٤- پێویستە جۆری چالاکیە ئابوری و کۆمەڵایەتیەکانی ئەندامانی گروپەکە هاورێك بێت لە گەڵ چالاکیە باوەکانی نێو بازنەکە، بە دەربرینێکی تر پێویستە ئەندامەکانی گروپەکە لە خەڵکی ناوچەکە بن، ئەگەر لە ناوچەکە زیاتر چالاکی کشتوکالی باو بوو، پێویستە هاوکارانی پاڵێوراو زیاتر لە جوتیاران بن، ئەگەر کرێکار بوون پێویستە هاوکارەکانی کرێکار بن. بەو مانایەی بە پێی سروشتی بازنەی هەڵبژاردنەکە پێویستە خاسیەتەکانی ئەندامانی گروپی کارەکە دیاری بکرێت و دابنرێت.

٥- پیویستە ئەندامانی گروپەکە خاوەنی رەوشتی بەرز و ئەخلاقی جوان بن.

٦- پێویستە ئەندامانی گروپەکە زمان پاراو بن و بتوانن مامەڵە لەگەل دەنگدەران بکەن، چونکە بەس نیە کە ئەندامانی گروپەکە واجهەیەکی باشی پاڵێوراو و گوزارشت کارێکی باشی بیرەکانی حزب بێت بەمەبەستی سەرکەوتنی پاڵێوراو، لەبەر ئەمە دەبێ گروپی کار توانایان هەبێت لە گەڵ بیری دەنگدەر بجولێن و بەوردی گوێ لە داخوازی و کێشەکانیان بگرن، وبەرنامەکانی حزبەکەی بخاتەڕوو کە چارەسەرە بۆ ئەو کێشە و پرسانە.

پێوەریش بۆ جەماوەری بوونی ئەو بیر و بەرنامانەی پاڵێوراو و هاوکارەکانی دەیخەنە ڕوو بریتیە لە سەرەتا قبول بوونیان لە لایەن هاووڵاتی و دواتر باوەڕهێنانیان و پاشان هاوکاری کردنیان لە سەر جێ بەجێ کردنی و دواجار بەشداری کرداریان لە جێ بەجێ کردن بۆ هەڵبژاردنی پاڵێوراو.

# ئەرکەکانی گروپ:

١- بەشداری کردن لە دارشتنی نەخشەی سیاسی و ئابوری و کۆمەڵایەتی بازنەی دەنگدان کە دواتر ئاماژە بە رەگەزەکانیان دەکەین.

٢- پیشکەش کردنی وێنەیەکی پۆزەتیف لە سەر پاڵێوراو بۆ دەنگدەران، بۆیە هەڵبژاردنیان بە دروستی ڕۆڵێکی گەورە دەگێڕێ لە سەرخستنی هەڵمەتی هەڵبژاردن و سەرکەوتنی پاڵێوراوی حزب.

٣- هەڵدەستن بە بینینی ڕۆڵی هێڵی پەیوەندی نێوان پاڵێوراو و دەنگدەر لە ڕووی زانینی ئەو گرفتانەی ڕووبەڕووی بازنەکە دەبنەوە، ئەو هەوڵانەش کە گیراونەتەبەر بۆ چارەسەر کردنیان، پرۆگرامی حزب و حکومەتەکەی، ئەمە تەواوی خواستەکانی دەنگدەریش دەگرێتەوە کە پەیوەستن بە کێشە کەسی و جەماعیەکانیان.

## ٤- هەڵسان بە پڕوپاگەندەی هەڵبژاردن بو پاڵێوراوەکە لە رێی:

- شیکار کردن و باسکردنی بیروبەرنامەکانی حزبەکەی بۆ جەماوەر، بە شێوەیەکی سەرنج راکێش و بە چەشنێك کە پەیوەندی دروست بکات لە نێوان بەرنامەی حزبەکەی وچارەسەر کردنی کێشەکانی هاووڵاتیان.
- بەرەنگار بوونەوەی پاڵێوراوانی تر و وەڵامدانەوەیان وتەئکیدکردنەوە لە سەر ئەوەی پاڵێوراوی فلانە حزب زیاتر لە توانای دایە کە مامەڵە لە گەڵ دەنگدەر بکات.

٥- هاندانی دەنگدەران بۆ ئامادەبوون لەو کونفراسە جەماوەریانەی پاڵێوراو رێکیان دەخات.

٦- ئامادە سازی دروست بۆ ئەو کۆنفراس و سەردانە مەیدانیانەی پاڵێوراو پێی هەڵدەستی.

٧- تەئكید كردنەوەی نوسینی ناوی هەموو ئەندامانی حزب لە تۆماری دەنگدەران و بوونی پسولەی دەنگدان.

٨- كار كردن بۆ ناونووس كردنی زۆرترین دۆست و لایەنگرانی حزب و خزم و كەسەكانیان لە ماوەی دیاری كراو بو هەڵمەتەكان ئەمەش لە میانەی وادەی كاری فەرمیدا .

٩- کاری ڕێکخراوی هاوبەش کە وابکات لە ڕۆژی دەنگدان زۆرترین لە ئەندامانی حزب و لایەنگرەکانی لە ڕۆژی دەنگدان ئامادە بن و نوێنەرانی پاڵێوراوی حزب لە هەموو لێژنە فەرعیەکان ئامادەيي هەبێت، ئەمەش بەبوونی هەماهەنگی و هاوکاریەکی پێویست دەکرێت لە نێوان پاڵێوراوی حزب و سەرکردە حزبیەکان لە سەر ئاستی بازنەی هەڵبژاردن.

١٠- پەیوەندی خێرا بە ژووری عەمەلیاتی هەڵمەتی هەڵبژاردن بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی هەر هەڵوێستێکی خێرا لە کاتی هەڵمەتەکە یان لە ڕۆژی دەنگدان.

پێویسته پاڵێوراوی حزب ئەرك بسپێری بە گروپی کارەکەی یان ئەو کەسە چالاك و خۆبەخشانەی لە گەڵی کاردەکەن و هەر یەکەیان ببێتە بەر پرسی جێ بەجێ کردن لە ناوچەیەکی دیاری کراوی جوگرافی بەتایبەت لە ڕۆژی دەنگدان.

دەبێت ئەوەش لەبەر چاو بگیرێ کە لە سەر ئاستی گروپی کاری بازنە، گروپی کاری تر لەسەر ئاستی گەڕەك و یەکە حزبی و بەشەکانی نێو دائیرەکە دروست بن. ئەگەر دائیرەکە زیاتر لە بەشێکی هەبوو، بو هەر یەکیشیان بەرپرسیکی تایبەت هەبێت کە لە گەڵ بەرپرسانی رێکخستنی باڵا یان لە گەڵ ژووری عەمەلیات بە دواداچوون بکات.

دیراسەیەکی ئەمریکی هەیە کە دوو ئامانج دیاردەکات بۆ بەڕێوەبردنی هەڵمەتەکانی هەڵبژاردن ، یاخود دوو ئەرکی گروپی کار کە بریتین لە:

١- ئەو ئامرازانەی پێویستە دابین بکرین.

٢- ئەو دەنگدەرانەی گەرەکتە کاریگەریان لە سەر دروست بکەی.

## پێویستیشە گروپی کار ئەمانەی تیا بناسریتەوە:

* ئەو دەرەنجامانەی پێویستە بە دەستیبێنی.

* دانانی بەرنامەیەك بۆ پلانەکەت، و دیارکردنی چۆنیەتی سەر کەوتن.

* پێویستە بە بیرو بۆچوونەکانت ( بیرو بۆچوونی پاڵێوراو) لە هەندێ کاتی تایبەت گفتوگۆ لە گەل خەڵکی دەنگدەر بکەیت، چونکە درێژەکێشانی ووتار لەوانەیە کاردانەوەی خەراپی هەبێت.

* بەردوام بپرسە بۆ چی؟ بە نموونە بپرسە بۆ چی نایەکسانی هەیە لە دابەشکردنی سەروەت لە نێوان هاووڵاتیان لە کۆمەڵگە ؟

## ٢- كێشانی نەخشەی سیاسی- کۆمەڵایەتی بازنەکە:

دوای ئەوەی پاڵێوراو گروپی کار کردنی دروست کرد، لە سەریەتی بە هاوکاری ئە و گروپە هەڵبستێت بە دارشتنی نەخشەی سیاسی- کۆمەڵایەتی بازنەکە کە هەوڵ دەدات نوێنەرایەتیان بکات، هەروەها ستراتیژیەتی جولە و کارکردنیش دادەرێژن، چونکە پێویستە پاڵێوراو هەموو بەرزی و نزمیە سیاسی و کۆمەڵایەتیەکانی نێو بازنەی هەڵبژاردن بزانێت.

## نەخشەی هێزە سیاسی- کۆمەڵایەتیەکان:

پلانی کاریگەر وئەکتیڤی هەڵمەتی هەڵبژاردن لە هەر بازنەیەکی هەڵبژاردن، پێویستی بە زانیاری دروست و نەخشە و قەوارەی هێزە سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابوریەکانی ناوچەکە هەیە، ئەمەش بۆ ئەوەی بتوانرێت پلانێکی دروست دابرێژرێت بۆ حزبە هاوپەیمان و دۆستەکان و بەرەنگاربونەوەی هێز وئاراستەی بەرهەڵستکارەکان.

گرنگە سوود لە ئاماری تایبەت بە ئەندامانی حزب وەربگیرێ بۆ زانینی ژمارە و سەنگی حزب لە هەر توێژێك یان لە هەر ناوچەیەك، بێ گومان سەرچاوەی نفوز و کاریگەریش لە ناوچەیەکەوە بۆ یەکێکی تر جیاوازی هەیە، لە هەندێ شوێن پەیوەست کراوە بە سەروەت یان پیشە یاخود بە پێگەی کۆمەڵایەتی.

وێڕای ئەوانەی ئاماژە دران پێویستە ئەمانەش بزانێت:

A- پێداویستیەکانی وەکو خزمەتگوزارییەکانی ئاو، تەندروستی، قوتابخانە، تۆڕی کارەبا......هتد

B- ئەو خزمەتگوزاریانەی هەن وچەندێتی پڕکردنەوەی پێداویستەکانی هاووڵاتیان، خزمەتگوزاری شارەوانی.

C- دامەزراوەی تر کە ئەو خزمەتگوزاریانە دابین دەکەن وەکو پرۆژەی ئیفراز و ئەو کۆمەڵە ئەهلیانەی خزمەتگوزاری خوێندن یان تەندروستی و هیتر پێشکەش دەکەن.

## سەبارەت بە هێزە سیاسییەکان:

أ- پێویستە نەخشەی هێزە سیاسییەکان لە بازنەی هەڵبژاردن بزانرێت کە ئایا لایەنگری حزب و لایەنە سیاسییەکانی تری تیایە؟

ب-چەندێتی کاریگەریان و سروشتی ئەوانەی لایەنگریان دەکەن؟

ج - ئایا لە خانەوادەی گرنگ و جێی بایەخن و خزمەتگوزاری تایبەت پێشکەشی بازنەی دەنگدانەکە دەکەن؟

له هەموو بارێكدا پێویستە بەڕێوەبەری پارێزگاكان نەخشەی سیاسی و كۆمەڵایەتی هەموو بازنەی دەنگدانیان هەبێت وئەمانە لە خۆ بگرێت:

* نوسینی ناوی خێزانی شاروگوندەكان لە شوێنی بازنەی دەنگدان.

* نوسینی ناوی سەركردە سروشتیەكان كە خاوەنی كاریگەرین (بەڕێوەبەرانی قوتابخانە، پزیشك، مامۆستای زانكۆ، پیاوانی ئایینی... هەروەها سەرۆك عەشیرەت و خێڵەكان)

* نوسینی گرنگترین هێزی رکابەر لە حزب و لایەنی تر و تەقدیرکردنی هێزەکانیان.

* زانینی جۆری چالاکی ئابووری و ئەو سەرکردانەی کاریگەریان لەسەر هەیە.

* نوسینی کۆمەڵە ودامەزراوەکانی وەکو بنکەی لاوان و یانە و سەندیکای فەرعی و کۆمەڵەی ئەهلی و زانکۆکان....هتد.

* کار بۆ نوسینی دەسکەوتەکانی حکومەت (حکومەتی حزبی دیموکراتی) لە بازنەکە و ئەوانەش کە لە ماوەی حوکمرانیەتی فەراهامی کردووە، هەروەها ئەوانەش کە وەکو پرۆژە لە بودجەی دەوڵەت خالبەند کراون، ئەمەش بۆ ئەوەی پاڵێوراوانی حزب و سەرکردەکانی لە کۆنفرانسە جەماوەریەکان بە کاری بێنن.


بەدی هێنانی ئەمانە و جێ بەجێ کردنیان پێویستی بە ئامراز و تەکتیکاتی دروست هەیە ودەکرێت بو ئەم مەبەستە دوو ئامراز بخرێنە روو:

**یەکەم: بەکارهێنانی لیستێك بۆ تۆمارکردنی ناوی ئەوانەی خاوەن کاریگەرین:**

زانینی ئەو ناوانەو کۆکردنەوەیان لە لیستێك، دەبێتە سەرچاوەیەك بۆ کۆکردنەوەی زانیاری لەسەریان و دواتر پرسیار کردن لە رێی ئەوانەوە لە کەسانی تر کە خاوەنی کاریگەری ونفوزن، ئەمەش خۆی لە خۆیدا هەنگاوێکی باشە بۆ سەرخستنی هەڵمەتی هەڵبژاردنەکە.

| Influence | Influence By | Process/Risk | Driver | Actor |
|---|---|---|---|---|
| ئەو کاراکتەرانەی کاریگەرن بەراو بیری یەك کارکتەر | هەندێ جار کاراکتەرێك کاریگەری لەسەر کاراکتەرانی تر دەبێت | دیار کردنی ئەگەری گۆڕێنی هەڵوێستی کاراکتەر بەرامبەر بەو پرسە و چۆنیەتی چارەسەر کردن و بەرلێگرتنی | هێزی شاراوەی دوای کاراکتەر کە چاوی لەسەر پرسێکی دیار کراوە | لێرە ناوی کاراکتەر دەنوسرێت جا تاك یان کۆمەڵە یان دامەزراوە بێت |

دووەم: ئامرازی (وەسیلەی) دووەم بریتیە لە پۆلێن کردنی هەموو کاراکتەرەکان بە پێی هاوکاری کردنیان لە هەڵمەتی لە هەڵبژرادنت بە ئیجابی یان سلبی لە لایەك و چەندێتی  توانایی لە کاریگەر بوونی لە سەر پرسێکی دیاری کراو بە پێ ئەم شێوەیەی خوارەوە:



## دیراسەکردنی رەفتاری دەنگدەر لە بازنەکە:

پاڵێوراوی حزب بەس نییە کە تەنیا سنووری بازنەی دەنگدان یاخود نەخشەی کۆمەڵایەتی وسیاسی بازنەکە بزانێت. بەڵکو پێویستە زانیاری دەربارەی رێژەی دەنگدەران وئەو لایەنانەی دەنگی بۆ دەدەن هەبێت، کە مەبەست لێی ئەمانەی خوارەوەیە:

*ناسین و زانینی ئەو ناوچانەی کاریگەریان هەیە لەسەر دەرەنجامەکانی دەنگدان، یاخود ئەو ناوچانەی زۆرترین ژمارەی دەنگدەریان لە لیستی هەڵبژاردن تۆمار کردووە وبە فعلی بەشداریان کردووە لە دەنگدان.

*زانینی ناوچەکانی کاریگەری ونفوز بۆ پاڵێوراوە رکابەرەکان.

*زانینی تێکرای دەنگی بازنەکە لە هەڵبژاردنی رابردوو، بۆ ئەوەی لێکدانەوەیەکی ڕێژەیی ئەنجام بدەی بۆ ژمارەی ئەو کەسانەی چاوەڕێ دەکرێت بە فعلی بەرەو سندوقەکانی دەنگدان بچن لەم هەڵبژاردنەدا.

*لێکدانەوەیەکی ڕێژەیی بۆ ئەو دەنگانەی لەوانەیە پاڵێوراوی حزب بە دەستی بهێنێت بە بەراورد لەگەڵ رکابەرەکانی.

# دوو شێواز هەن تا پاڵێوراو وگروپی کاری هاوکاری بە ئیشەکانی رابردوو هەڵبستن:

A- شێوازی بیناکردن لەسەر خێروچاکەکانی رابردوو، کە وادەکات بە دوای ئەو ئاموزگاریانە بچی کە پاڵێوراوەکانی رابردوو لە هەمان بازنەی دەنگدان پێشکەشیان کردووە و توانیویانە لە رێی ئدوەدا پێشبینی سلوکی دەنگدەران بکەن. ئەمە شێوازێکە دەگونجێت بەڵام وەکو پێویست دووبارە نابێتەوە.

B- شێوازی زانستی و کرداری لە دیراسەکردنی

بازنەکە کە دەخوازێت بەرەو ناوەوەی جەماوەر

هەنگاو بنێی، ئەم شێوازە پێویستی بە راهێنانی

ئەندامانی گروپی کار هەیە لەسەر چۆنیەتی

وەرگرتنی رای دەنگدەران.

# ٣) دیاری کردنی ستراتیژیەتی جولە:

دوابەدوای زانینی سروشتی هێزە سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابوریەکانی ناو بازنەی دەنگدان و دیراسەکردنی سروشتی دەنگدان. پێویستە دەست بکرێت بە ئامادەکردنی پلانی جولە لە میانەی دیاری کردنی ئەو توێژانەی لە ئەنجامدان و هەڵوەستە کردن لە گەڵ تاك و ئەو کۆمەڵە کەسانەی خاوەنی کاریگەرین. بە شێوەیەکی گشتی، ستراتیژیەتی جولەی هەر پاڵێوراوێك خۆی لە سێ تەوەری سەرەکی دەبینێتەوە:

A- پەیوەندی ڕاستەوخۆ و باوەڕپێهێنانی کەسە کاریگەرەکان لە بازنەکە، ئەمەش دێتەدی لەمیانەی یەکتر بینینی ڕاستەوخۆ کە پاڵێوراو لە گەڵ سەرکردە سروشتیەکان دەیبەستێ لە بازنەکە.

B- مامەڵە کردنی ڕاستەوخۆ لە گەڵ زۆرترین ژمارەی دەنگدەر لە میانەی:

1- ئەو کۆنفراسە جەماوەریانەی پاڵێوراوە کە دەیبەستێ.

2- ئەو هەڵمەتە مەیدانیانەی کە پاڵێوراو لە گوندو بنکەو شارەوانیەکان ئەنجامی دەدات.

C - بە شداریکردن لە بۆنەکۆمەڵایەتیە تایبەتەکان بە بازنەکە لە خۆشی و ناخۆشی...

به شێوەیەکی گشتی دەکرێت گرنگترین ئەرکەکانی قۆناغی دیارکردنی ستراتیژیەتی جوله بەم شێوەی خوارەوە دیاری بکەین:

* پێکهێنانی ژووری عەمالیات و دامەزراندنی گروپی تایبەت بەو ژوورە.

* دیار کردنی هێزە سیاسی و کۆمەڵایەتیەکانی بازنەکە.

* دیار کردنی بارەگاو بنکەکانی دەنگدان بۆ پاڵێوراو لەسەر ئاستی بازنەی دەنگدان.

* دیار کردنی ئەندامانی حزبی بازنەکە له و دڵنیابوون لەهەڵگرتنی کارتی دەنگدان.

* هاندانی لایەنگران ئەوانەی تەمەنیان گەیشتۆتە وادەی یاسایی دەنگدان تاخۆیان تۆماربکەن و کارتی دەنگدان دەربهێنن.

* دیارکردنی نامەکانی پرۆپاگەندە و شوێنەکانیان.

* دیارکردنی کێشە دیارەکانی جەماوەر لە ناوەندی دەنگدان بۆ ئەوەی چارەسەریان بۆ بدۆزیتەوە.

* ئامادەکردنی راگەیەندراوێك بۆ دەسکەوتەکانی حزب لەو بازنەیە .

* ئامادەکردنی راگەیەندراوێکی تایبەت بە پاڵێوراوی حزب ئەگەر ئەندامی پێشوو بوو لەهەمان بازنە.

# قۆناغی دووەم : هەڵمەتی هەڵبژاردن

## دووەم : قۆناغی هەڵمەتی هەڵبژاردن :

لەم قۆناغە پاڵێوراو بە لەبەر چاوگرتنی ئەو ئامادەسازیانەی لە قۆناغی رابردوو کردوویەتی لە پێکهێنانی گروپێکی کار کە تایبەتمەندییەکانی بازنەکە لەبەر دیدە بگرێ و کێشانی نەخشەی سیاسی و کۆمەڵایەتی بازنەکە و ستراتیژیەتی جولە تیایدا، ئەمانە لە پێناو فەراهام کردنی زۆرترین ریژەی جەماوەری بوون بۆ پاڵێوراوەکە و بەرنامەی حزب و بیروباوەڕی لە لایەك وبەرەنگاربوونەوەی پاڵێوراوە رکابەرەکان لە لایەکی تر.

# ١ ) پروپاگەندەی هەڵبژاردن:

پڕۆپاگەندەی هەڵبژاردن بریتیە لەو شێوەیەی خودی پاڵێوراوی حزب لە بەردەم دەنگدەران دەیخوێنێتەوە و تیایدا خۆی بە جەماوەر دەناسێنێت، ئامانجی سەرەکیش بریتیە لە بەدەست هێنانی زۆرترین دەنگ لە پێناوی سەرکەوتن لە ئەندامیەتی پەرلە مانی کوردستان یان ئەنجوومەنی نیشتیمانی عێراقی فیدراڵ.

پڕۆپاگەندەی کاریگەر بۆ پاڵێوراوی حزب دەوەستێتە سەر بەکارهێنانی ژمارەیەك ئامراز و بەهرەی پێویست لە مامەڵەیەکی کاریگەر لەگەڵ دەنگدەر و رکابەرەکانی.

# ئامرازەکانی پڕوپاگەندە

ئامرازەکانی پڕۆپاگەندە بریتین لە کۆمەڵێك ئامرازی بە کارهێنراو لە لایەن پاڵێوراو بە مەبەستی کۆکردنەوەی جەماوەر بۆ خۆی و ڕەواج دان بە بیر و بەرنامەکانی حزب بە ئامانجی بە دی هێنانی پالپشتیەکی گونجاو خوازراو لە لایەن دەنگدەرانەوە تا بە دەست هێنانی سەرکەوتن.

# گرنگترین ئامرازەکانی پڕۆپاگەندەش بریتین لە

١- لافیتە و بڵاو کراوە و پۆستەر کە ناوی پاڵێوراو و ناوبانگی و هێمای هەڵبژاردنی و سیفەت و ئینتمای حزبی و دروشم و ئەو وێنەیەی خۆی کە لە پاڵ وێنەی سەرکردە و هێما جەماوەرییەکانی بڵاوی دەکاتەوە لە خۆی بگرێت.

٢- ئەو چاوپێکەوتن و کۆنفراسە جەماوەریانەی کە ژمارەیەك سەرکردەی حزب لەسەر ئاستی پارێزگا و ئاستی نەتەوەیی و هەندێ کەسایەتی گشتی کە لە لای جەماوەری دەنگدەر پەسندن بەشداری دەکەن لە پاڵ پاڵێوراو.

٣- هەڵمەتی دەنگی لە ڕێی بە کارهێنانی بڵندگۆ (مایکرۆفۆن) لەسەر ئوتومبێلەکان، ئەم شێوازە زیاتر لە بازنە گوندنشینەکان بەکاردێت، کە تیایدا ژمارەیەکی زۆری گوند لەخۆ دەگرێت، بەتایبەتیش لە چەند ڕۆژێکی کەمی پێش ڕۆژی هەڵبژاردن و چرتر لە ڕۆژی هەڵبژاردن.

٤- بەکارهێنانی خانووی خێزانە گەورەکان و هۆڵی بۆنەکان بۆ پێشوازی کردن لە لایەنگرانی و سازدانی یەکتردیتن و دیدار لەگەڵ پاڵێوراوی حزب.

٥- بەکارهێنانی ئامرازەکانی راگەیاندنی بینراو و نوسراو لە لایەن ئەندامانی ئێستای پەرلەمانی کوردستان یان ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراقی فیدراڵ یان هەر دامەزراوەیەکی تری حزبی و حکومی.

٦- بەکارهێنانی تۆڕی ئینتەرنێت لە پرۆسەکانی هەڵمەتی هەڵبژاردن، بە تایبەتی لەو ناوچە شارنشینانەی ئینتەرنێت تیایدا بەکاردەهێنرێت و ناردنی نامەی ئەلیکترۆنی نموونەی (SMS) بو بەشداربووان.

## مەهاراتی (بەهرەکانی پڕۆپاگەندە:

- به دواداچوونی واقیعی هەڵمەتی هەڵبژاردن پێویستی به دیاریکردنی کۆمەڵێك مەهاراتی (بەهرەی) سەرەکی هەیە بۆ پڕۆپاگەندەیەکی ئەکتیڤی هەڵبژاردن، گرنگترین ئەو بەهرانەش بریتین له :

**A - جەختکردن لەسەر پرسەکانی بازنەی هەڵبژاردن:** پێویستە جۆری ئەو پڕۆپاگەندەی پاڵێوراوە که دەیەوێت بڵاوی بکاتەوە له لایەن خەڵکی سنووری بازنەی دەنگدانەکە جێی بایەخ و گرینگی بن.

B- مەهاراتی (بەهرەی) دارشتنی بەڵێنەکانی هەڵبژاردن: دوو شێوەی باو هەیە لە بەڵێنی هەڵبژاردن:

یەکەم بەڵێنی درێژ خایەن: کە پەیوەستە بە ئامانجە درێژ وەختەکان کە جێ بەجێ کردنی پێویستی بە چەندین ساڵ تەمویلی حکومەت هەیە.

دووەم بەڵێنی کاتی: ئەمەش پەیوەستە بەو کێشە راستەوخۆیانەی لە ماوەی چەند مانگێك و بەر لە ئەنجامدانی هەڵبژاردنەکانیش جێ بەجێ دەکرێن.

## C- چارەسەرکردنی ئەو کێشانەی رووبەرووی دەنگدەر دەبنەوە:

واقیعی عەمەلی هەڵبژاردن ئەوەی سەلماندووە کە ئەو پاڵێوراوانە زیاتر دەنگ بەدەست دێنن و سەرکەوتوو دەبن، کە زیاتر لە توانایاندایە راستەوخۆ خزمەتگوزاری پێشکەشی ئەندامانی بازنەی هەڵبژاردن بکەن، بۆیە گرنگە کە پاڵێوراو بە هاوکاری حزب و حکومەت توانای هەبێت هەندێك کێشە فەردیەکانی هاووڵاتی لە بازنەی دەنگدان چارەسەر بکات، وەکو کێشەکانی باج و تۆماری بازرگانی و بەرێکردنی مامەڵە ودامەزراندنی هاووڵاتی لە یەکێك لە فەرمانگەکان، یاخود گرنگی دان بە کاروباری گشتی.

## D- هاوسەنگی لە نێوان ناوەندی بازنەی دەنگدان و دەوروبەری:

ناوەندی بازنەی دەنگدان بو پاڵێوراو بریتیە لەو ناوچەیەی پاڵپشتی دەکەن، لەوێوە پاڵێوراو هەوڵی رازیکردنی توێژ و کەسانی تری دەوروبەری دەدات بۆ دەنگدان، بە نمونە خێزانی پاڵێوراو هەڵدەستن بە داوەتکردنی خێزانی تر بۆ پاڵپشتیکردنی، یاخود بازرگانەکان هەڵدەستن بە پرۆپاگەندە کردن لە ناو هاوپیشەکانیان، یاخود گەنجانی دۆستی حزب لە نێو ناوەندی گەنج بانگەشە دەکەن و ... هتد.

**E- هاوڕێکی لە نێوان دیدارە تایبەت و کۆنفراسە جەماوەرییەکان:** پێویستە لەسەر پاڵێوراو هاوڕێکی و هەماهەنگی دروست بکات لە نێوان دیدارە کەسیەکان و کۆنفراسی جەماوەری و گەڕانی مەیدانی، چونکە هەر یەکەیان بۆ سەرنج راکێشان و بەدەست هێنانی ڕێژەیەکی زۆرتری دەنگدەر سوودی خۆی هەیە.

F - مەهارەی (بەهرەی) رەخنەگرتنی بەرامبەر: پێویستە پاڵێوراوی حزب زانیاری هەبێت دەربارەی بیروباوەڕو جەولەی پاڵێوراوەکانی تر، بۆ ئەوەی بتوانێت وەڵامیان بداتەوە و لە هەڵمەتی پڕۆپاگەندەی هەڵبژاردن بەرەنگاریان بکات، هەڵبەتە دەبێت ئەمەش بە ژیرانە ئەنجام بدات نەك ببێتە هۆی کاردانەوەی ئەوانەی دیکە، بەڵکو پێویستە پاڵێوراو خۆی و بەرنامەی حزبەکەی بەشێوەیەك بخاتەڕوو کە زیاتر توانای هەیە چارەسەری کێشەکانی هاوڵاتیان بکات.

## ئەو هۆکارانەی کاریگەرن لە سەرکەوتنی پڕۆپاگەندە:

- وێڕای ئەو خاڵانەی لە مەهاراتی (بەهرەی) پڕۆپاگەندە خرانە ڕوو، پێویستە ئاماژە بە هەندێ هۆکار بکەین کە لە سەرخستنی هەڵمەتی هەڵبژاردنی پاڵێوراوی حزب کاریگەریان هەیە:

**A- بەرنامەی هەڵبژاردنی پاڵێوراو و حزب:** بەرنامەی هەڵبژاردن بریتیە لە کۆمەڵێك بیرو بۆچوون و بەڵێن کە پاڵێوراو پێشکەشی دەنگدەرانی دەکات بۆ بەدەست هێنانی دەنگەکانیان، پێویستیشە لەسەر پاڵێوراو کە رەچاوی هاوسەنگی بکات لە نێوان بەرنامەی حزب لە لایەك و پێداویستیە گرینگەکانی بازنەی هەڵبژاردنەکە لە لایەکی تر، بە بی ئەوەی لە هیچیان کەم بکرێتەوە، هەروەها پێویستە بەرنامەکە لە رووی ناوەرۆك و زمانەوانی جوان دابرێژریت.

**B- بودجەی تەرخان کراو بو هەڵمەتەکە:** ئەو بودجەیە جۆر و شێوازی پڕۆپاگەندەی هەڵبژاردن دیاردەکات کە پاڵێوراو لە قۆناغە جیاجیاکانی هەڵمەتەکە دەیگرێتە بەر، لێرەوە پێویستە ئاماژە بە چەند بوارێك بدەین:

* بودجەی هەڵمەتی هەڵبژاردن سامانی دارایی و عەینی لە خۆی دەگرێت، وەکو خۆبەخشینی دەنگدەران بۆ هەڵگرتنی لافیتە بۆ پاڵێوراو یاخود بەشداری کردن لە کۆنفراسی هەڵبژاردن.

* پێویستە پلانرێژی بۆ هەڵمەتەکە بکرێ بە لەبەر چاو گرتنی ئەو سامانە دارایی لە بەر دەستی پاڵێوراوە.

* پێویستە بەرێوەبەری هەڵمەتەکە ئەو ماوانە دیاربکات کە سامانەکە لە پروپاگەندە خەرج دەکات و هەروەها ئەو کەلوپەلە پێویستانەش بکرێت بەر لە بەرزبونەوەی نرخەکەی وەکو قوماشی لافیتە.

C- ئامادەبوون لە بازنەی دەنگدان: پروپاگەندەی سەرکەوتووی هەڵبژاردن پەیوەستە بە چەندێتی ئامادەیی پاڵێوراو لە بازنەی دەنگدانەکە، وەکو ئەوەی ماڵەکەی یاخود شوێنی کارکردنی لەوێ بێت، چونکە ئاشکرایە کە دەنگدەر ئارەزوو دەکات دەنگی خۆی بداتە کەسێك لێی نزیك بێت یاخود بتوانێت لە کاتی بوونی پێویستی پەیوەندی پێوە بکات.

## D- بەرەنگاری هەڵمەتی ڕکابەرەکان:

بەشێوەیەکی گشتی پرۆپاگەندەی ڕکابەرانی پاڵێوراوی حزب خۆی دەبینێتەوە لە:

- پێویستە زانیاری تەواوی هەبێت لە هەموو دەسکەوتەکانی حکومەتی حزب لەو بازنەیەی هەوڵی نوێنەرایەتی کردنی دەدات.
- پێویستە زانیاری تەواوی هەبێت لە مەر پرۆژە و پلانانەی بۆ بوژانەوە و گەشەپێدان لە بودجەی ئەمساڵی هەڵبژاردن و ساڵی داهاتوو خالبەندکراون.

* پێویستە ئاگاداری تەواوی هەبێت بە بەرنامەی هەڵبژاردنی حزب و ڕەنگدانەوەکانی لە سەر حزب، هەروەها دیاریکردنی ئەو چارەسەرانەش کە حزب دەیخاتە ڕوو بۆ چارەسەری ئەو کێشانە، هەروەها پێویستە موفرەداتی تایبەتی هەبێت لە بیروبۆچوون و گوزارشتی لێبکات و پێویستە لە گەڵ بەرنامەکانی حزب دژ نەبێت.

• پێویستە پاڵێوراوی حزب درك بەو ئامرازە ناشەرعیانەی بکات کە رکابەرەکانی بو پرۆپاگەندە پەنای بۆ دەبەن، بە تایبەت لە رۆژی هەڵبژاردن دیار دەکەوێت، وەکو پەنابردنە بەر بلاو کردنەوەی پرۆپاگەندەی درۆ لەسەر رکابەرەکان، بە نموونە پروپاگەندەکردن لە سەر مردنی

# لێهاتووی پالێوراوەکان

## ئەمەش دابەش دەکریتە سەر دوو بەش:

### یەکەم/ لێهاتووی مامەلەکردن لە گەڵ دەنگدەران:

پێویستە پالێوراو خاوەن توانا و سەلیقەیەکی چاك بێت لە مامەلەکردن لە گەڵ دەنگدەر، ئەمیش لە رێی بەردەوامی دان بە پەیوەندی لە گەڵیان و هاندانیان لە سە ر بەشداریکردن لە هەڵبژاردن.

١- پەیوەندی کردن لە گەڵ دەنگدەران: پێویستە پاڵێوراو پەیوەندی بەردەوامی بپارێزێت لە گەڵ دەنگدەران لە ڕێی ژمارەیەك هۆکار لەوانە:

* ڕێز گرتنی هەستی خەڵکی بازنەی دەنگدان: پێویستە پاڵێوراو ڕێزی ئەو داب و نەریت و پیرۆزیانە بگرێت کە لە ناوچەیەکی دیاریکراوی نێو بازنەی هەڵبژاردنەکە هەبێت.

* کارلێکردن لەگەڵ بیرو بۆچوونەکانی دەنگدەر: پێویستە پاڵێوراو کاردانەوەکانی دەنگدەر و چەندێتی بە دەنگەوەهاتنی بیروباوەڕەکەی لە بەر چاوبێت، بۆیە پێویستە ئەگەر هەستی کرد ڕووداوێك یان بیروبۆچونێك لە لایی باشە و جێی بایەخە جا لە کاتی سەردانیان بێت یان لە میانەی کۆنگرەکان هەڵوەستەی لەسەر بکات و بیپارێزی، بۆیە باشترە لەو حاڵەتەدا پاڵێوراو هەڵوەستە لەسەر گرینگترین بابەت بکات لە چاوی خەڵکی دائیرەکە، پێویستە قسە و گفتوگۆ کردنی ڕێکخراو و بەدوای یەکدابێت و بەو شێوەیەبێت کە زۆرترین کاریگەری لەسەر بیسەر دروست بکات.

* بەدەست هێنانی پاڵپشتی سەرکردە سروشتیەکان: سەرکردە ناوخۆییەکانی کۆمەڵگە لەو بازنەیەی دەنگدان رۆڵی یەکلاکەرەوە دەگێرن لە کۆمەڵگە گەورەکان لە کاتی کۆنفراس یاخود دیدارە فراوانەکان، جا بە هاندان بێت بۆ قبوڵ کردن یاخود رەت کردنەوە.

مەبەستیش لە سەرکردە سروشتیەکان ئەو کەسانەن لە کۆمەڵگە کە هاووڵاتیان بەرێز و حورمەتەوە سەیریان دەکەن و پەنایان دەبەنە بەر بۆ راو ئامۆژگاری و راوێژکردن.

## به شێویەکی گشتیش ئەمانەی خوارەوە لە سەرکردە سروشتیەکان بەدی دەکرێن:

A- شاهێدیان بو بدرێت لەسەر پسپۆری و چاکە خوازی.

B- لە تواناياندا بێت چارەسەری هەندێك كێشەی كەسيي و ناوخۆييەكان بكات لە بازنەی دەنگدانەکە.

C- ماوەيەکی زۆر ژيانی لەو ناوچەيە گوزەراندبێت و ناسراو بێت و شارەزای بارودۆخی خەڵکەکە بێت.

D- خاوەنی هەيبەتی كۆمەڵايەتی و پێگەی ئايينی و توانای دارايی بێت، ياخود پێگەی دياری خێزانی، يا كلتوری سياسی و كۆمەڵايەتی يان هەر فاكتەرێكی تر كە پێگەيەکی دياری پێ ببەخشێت.

* لێهاتووی بە کارهێنانی دەنگ: پێویستە پاڵێوراو یاری بە لەرەلەرەکانی دەنگ و بەرزی و نزمی و ماوە و بۆشایی نێوان وشەکان بکات لە کاتی قسەکردندا، بەو پێیەی لە توانایدابێت بە پێی مەبەست و خستنەرووی ئەو فکرەیەی دەیەوێت قسەی لێ بکات بەرزی و نزمی بە ئاستی قسەکانی بکات، چونکە ئەوە ئامازەیەك بە دەنگدەر دەدات کە پاڵێوراو توانیویەتی فیکرەکانی کۆبکاتەوە و بە روون و ئاشکرایی گوزارشتیان لێ بکات.

* لێهاتووی بەکارهێنانی زمان: پێویستە پاڵێوراو لە بەکارهێنانی زمان سروشتی دەنگدەران لە بازنەی دەنگدان ڕەچاو بکات، بەو پێیەی پێویستە قسەو گفتوگۆکانی ئاسان و ڕوون بن، ئەو وشانەی باون و پەندە مللیەکان بە کاربێنی و نموونە پەیوەست بکات بە بارودوخی دەنگدەر و کێشەکانیان.

* نەخوێندنەوەی دەقی نوسراو: باشتر وایە پاڵێوراو واز لەو خودبە نوسراوانە بێنێ کە پێشتر بۆی ئامادەکراوە، چونکە ئەمە بەربەست دروست دەکات لە بەردەم پاڵێوراو و دەنگدەران وە واش دەکات دەنگدەران گومانیان هەبێت لە توانای پاڵێوراو بۆ خستنەرووی فیکرەکانی بە شێوەیەکی راستەوخۆ و هەبوونی توانا، هەروەها زمان پاراوی لە قسەکردن.

بەڵام ئەوە رێگر نیە لە بەردەم پاڵێوراو تا کاغزێك بە دەستەوە بگرێ کە هەندێ لە فیکرەکانی تیابێت کە دەیەوێت لە قسەکانی بیخاتە روو جارجار بۆی بگەڕێتەوە.

* بەردەوامی دان بە سەیرکردن: باشترە ماوەماوە پاڵێوراو چاو بخاتە سەر سەرکردە سروشتیەکان یان ئەو کەسانەی خاوەنی کاریگەرین لەسەر کەسانی تر، بە تایبەت لە کاتی خستنەرووی بیروبۆچوونەکانی یاخود فکرە تایبەتەکانی بە بەرپرسەکانی بازنەکە لە کۆنفراسە جەماوەریەکان، چونکە لە زۆر باردا رەزامەندی پیشان دەدرێ لە لایەن ئەو سەرکردە سروشتیانە بۆ بەرژەوەندی پاڵێوراو بەسەر لەقاندن بێت یاخود بە چاو پیشانی دەدات کە رەزامەندن بەوەی دەیخاتە ڕوو.

# هاندانی ده نگده‌ران بۆ به‌شداری کردن

گرنگترین فاكته‌ره‌كانی سه‌ركه‌وتنی پڕوپاگه‌نده‌ی هه‌ڵبژاردن بریتیه له هاندانی خه‌ڵك بۆ به‌شداریكردن له پرۆسه‌كه و پیشاندانی گرنگی و پێویستی به‌شداری كردنیان، ئه‌میش له رێی:

A- كاركردن له‌سه‌ر بوژاندنه‌وه‌ی هه‌ستی ئینتیمای نشتیمانی و هاندانیان كه به‌شداری كردن بریتیه له مومارەسه‌كردنی یه‌كیك له مافه‌كانی هاووڵاتیانی كوردستان.

B- هەڵوەستەکردن لەسەر ئەوەی دەنگی هەر کەسێك بەهای خۆی هەیە، و کاریگەری دەبێت لەسەر دەرەنجامی هەڵبژاردنەکان و پاڵێوراو پێویستی بە دەنگی هەر یەکەیان هەیە.

C- گوێگرتنی باش لە پرسیار و سەرنج و تێبینیەکانی دەنگدەر و وەڵامدانەوەی بابەتیانە بۆ هەر یەکەیان بە خۆشحاڵی و سینگ فراوانیەوە.

## پێشخستنی ئاواتی پاڵێوراو بە بەردەوامی:

- پاڵێوراو بە هاوکاری گروپەکەی پێویستە خۆی لە گەڵ بارودۆخ بگونجێنێ و بە بەردەوام شێواز و ئامرازەکانی پڕوپاگەندەکردن پێشبخات. بەڵام بە پارێزگاری کردن لەو یاسا بنەڕەتیانەی کە لە بەرنامەی هەڵبژاردنی پێشووتر ئاماژەی بۆ کراوە خستوویەتیە روو . هەروەها پێویستە لە ڕێی تێکەڵ بوون لەگەڵ هاووڵاتیان پاڵێوراو کاردانەوەی شەقام و دەنگدەران لەسەر هەڵمەت و پرۆسەکانی هەڵبژاردن بزانێت، هەفتەی جارێك لەگەڵ گروپەکەی بارودۆخی ئاسایش تاوتوێ بکات و لە کاتی هەڵبژاردنیش بیکاتە رۆژانە .

# دووەم : لێهاتوویی مامەلەکردن لە گەڵ رکابەرەکان :

- پێویستە پاڵێوراو هۆشیار و ئاگادار بێت بەو ئامرازانەی رکابەرەکانی لە پرۆسەکانی هەڵبژاردن بە کاری دێنن و راهێنراو بێت بو مامەلەیەکی باش لە گەڵ هەڵمەتەکانیان و بەرەنگاربوونەوەی دیاریدەی پەرش و بالابوونی دەنگەکان و چونە نێو هاوپەیمانیەتی لەگەڵ هەندێکیان لە قۆناغی دووبارەدا.

# مامەلەی دروست لەگەڵ هەڵمەتەکانی بەرامبەر:

- بەشێوەیەکی گشتی رکابەران هەول دەدەن دڵەراوکێ لای پاڵێوراو دروست بکەن بۆ ئەوەی هێمنی و هاوسەنگی خۆی لە دەست بدات و بیروبۆچوونەکانی بە دروستی و رێکخراوی نەخاتە ڕوو، بۆ ئەم مەبەستەش رکابەران ئامرازی جیاجیا بەکار دێنن.

بۆ نموونە:

١- قسەکردن لەسەر ژیاننامەی کەسی و ژیانی تایبەتی پاڵێوراو و هەڵوەستەکردن لە سەر خاڵە لاوازەکانی ژیاننامەی پاڵێوراو جا بەراست بێت یان هەڵە،

٢-کێشە دروست کردن بۆ هەندێ هاوکارەکانی لەو کۆنفراسەی پاڵێورار رێکی خستووە بۆ ئەوەی بیپچڕێنێ و وەڵام بداتەوە، بە ئامانجی وروژاندنی ژاوە ژاو و فەوزا لە کۆنفراس،

٣- هەندێ جار پەنابردنەبەر ئامرازی ترساندن وەکو دەست درێژی کردنە سەر هەندێ لە هاوکارەکانی، یا هەرەشەکردن بە رفاندنی یەکێك لە ئەندامانی خێزانەکەی، یا هەر هۆکارێکی تر کە دەبێتە هۆی زیادبوونی دڵە راوکێ لای پاڵێوراو.

# بەرەنگاری کردنی پەرش و بلاوکردنی دە نگ ( تفتيت الاصوات ):

- شێوازی پڕوپاگەندە پەیوەندی هەیە بە ژمارەی پاڵێوراوەکان لە بازنەکە، زۆری ژمارەی پاڵێوراوان دەبێتە هۆی پەرش و بلاوی دەنگ و کەمی پاڵێوراوانیش دەبێتە چڕبوونی دەنگەکان، لە حالەتی زۆری ژمارەی پاڵێوراوان کە دەبیتە هۆی پەرش و بلاوی دەنگدەران، پێویستە پاڵێوراو دوو کار ئەنجام بدات:

١- کار کردنی تەواو لەو ناوچانەی لایەنگری زۆرە بۆ ئەوەی هەندێ لە لایەنگرەکانی بو بەرژەوەندی پاڵێوراوە رکابەرەکان نەگۆڕێن، هەروەها ئەوەش کە زامنی کوتلەیەکی هەڵبژاردنی لایەنگر بۆ خۆی بکات.

٢- هەوڵدان بو کەسب کردنی هەندێ لایەنگر لەو ناوچانەی پاڵپشتی رکابەرەکەی دەکەن، بەشێوەیەکی گشتی پەرش و بلاوبونی دەنگەکان دەبێتە کارێکی ئیجابی ئەگەر لەو ناوچانە کرا کە لایەنگری پاڵێوراوەکە نین.

## چوونە نێو هاوپەیمانیەتی ئەگەر پێویستی کرد:

- لەوانەیە پاڵێوراو پێویستی بەوەبێت بچێتە ناو هاوپەیمانیەتی لەگەڵ هەندێك لە رکابەرەکانی ئەگەر رەوتی پرۆسەی هەڵبژاردن پێویستی کرد، وەکو دروست کردنی هاوپەیمانیەتی لەگەڵ هەندێك لە دیارترین رکابارە دۆراوەکان لە جەولەی یەکەمی هەڵبژاردنەکان لە پێناو زامن کردنی دەنگی لایەنگرەکانی بو جەولەی دووەم، بە شێوەیەکی گشتی دەکرێت بلێین چونە نێو هاوپەیمانیەتی پێویستی بە لەبەر چاو گرتنی هێلی گشتی حزب هەیە بۆ ئەوەی دژەکاری روونەدات.

# سێیەم: قۆناغی هەڵبژاردنەکان

هەموو ئەو چالاکیانەی باس کران پێویستە زیاتر چڕ بکرێتەوە لە ڕۆژی هەڵبژاردن و ڕۆژە نزیکەکانی پێشی، پێویستیشە ئەمانەی خوارەوە بگرێتە خۆی:

* ئەو ئەرکانەی پێویستە لە (١٠-١٥) ڕۆژی بەر لە هەڵبژاردن جێبەجی بکرێت.

* ئەو ئەرکانەی پێویستە لە ڕۆژی بەر لە هەڵبژاردن ئەنجام بدات.

* ئەرکەکانی ڕۆژی هەڵبژاردن.